مەسرور بارزانی لەگەڵ ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق کۆبووە

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی کاربەڕێکەری هەرێمی کوردستان گەیشتە بەغدای پایتەختی عێراق و لە یەکەم دیداریدا لەگەڵ قاسم ئەعرەجی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق کۆبووە.

مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری هەرێمی کوردستان بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە (30ـی ئایاری 2024) گەیشتە بەغدای پایتەختی عێراق و ڕایگەیاند، "ئەمڕۆ لە بەغدام بۆ جەختکردنەوە لەسەر دابینکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە گفتوگۆ و لەسەر بنەمای دەستوور".

مەسرور بارزانی لەبارەی ئەم سەردانەی بۆ بەغدا دەشڵێت: دەبێت سەقامگیریی و ئابوورییەکی بەهێز کاری لەپێشینەمان بێت.